بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

حم (1)

سەرنجی سەرەتای سورەتی (البقرة) بدە.

تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ (2)

هاتنەخوارەوەی ئەم قورئانە لەلایەن خوای بەڵادەست و شارەزاو زاناوەیە.

غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ (3)

ئەو زاتە لێخۆشبووی گوناهە، وەرگری تەوبەو پەشیمانیە (لە بەندە گوناهبارەکانی) تۆڵەسێنەرە زۆر بەسەختی (لە یاخیبووان و ستەمکاران)، دەسەڵاتدارەو خاوەن و بەخشێنەری نازو نیعمەتەکانە، هیچ خوایەک نیە جگە لەو گەڕانەوەش بۆلای ئەوە.

مَا يُجَادِلُ فِي آيَاتِ اللَّهِ إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِي الْبِلَادِ (4)

هیچ کەس لە بەرانبەری ئایەتەکانی خواوە (مجادلە)و دەمەدەمێ ناکات، جگە لەوانەی کە بێباوەڕو خوانەناسن (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بەدەسەڵاتی ئەوانەو (سەرمایەو هێزیان) لە خشتە نەچێت و سەرت لێ نەشێوێت.

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِن بَعْدِهِمْ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ (5)

پێش ئەمانیش (کافرانی مەککەو ئەوانەی لەدوایان دێن) قەومی نوح و گەلێ دەستەو گرۆی تریش پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ خستەوەو باوەڕیان پێ نەکردن، هەر گەلێك پەلاماری پێغەمبەرەکەی دەدا تا دەسگیری بکات و (ئازاری بدات و لە بەرنامەی لابدات) وە بە (مجادلە)و دەمەدەمێ و پشتگیری لە باتاڵ و ناحەقی ویستوویانە حەق داپۆشن و نەیهێڵن، منیش پێچامنەوەو (لەناوم بردن، بڕوانن) چۆن تۆڵەیەکم لێ سەندن.

وَكَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ أَصْحَابُ النَّارِ (6)

ئابە شێوەیە بڕیاری پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) دەسەپێنرێت بەسەر ئەوانەدا کە خوانەناس و بێ باوەڕن، بەڕاستی ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن.

الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ (7)

ئەو (فریشتانەی) کە عەرش و تەختی (پەروەردگاریان) هەڵگرتووە، ئەوانەش کە بەدەوریدا دەسوڕێنەوە، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن، ئیمان و باوەڕی (زۆر بە هێزو دامەزراویان) پێیەتی، داوای لێخۆشبونیش دەکەن بۆ ئیمانداران و (دەڵێن) پەروەردگارا! ڕەحمەت و میهرەبانی تۆ، زانست و زانیاری تۆ، هەموو شتێکی گرتۆتەوە، (تکا دەکەین کە) خۆش ببە لەوانەی کە تەوبەکارن و لە گوناهەکانیان پەشیمانن، وە شوێن بەرنامەو ڕێبازی تۆ دەکەون، هەروەها لە ئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە.

رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُم وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (8)

پەروەردگارا بیانخەرە ئەو باخ و باخاتەی بەهەشتی عەدنەوە کە بەڵێنت پێ داون، هاوڕێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە چاك و خواناسن، لە باوان و

هاوسەران و نەوەکانیان، بەڕاستی تۆ خوایەکی زۆر بەدەسەڵات و دانایت.

وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (9)

هەروەها لەهەموو ناخۆشی وئازارو خەمێک بیانپارێزە، خۆ هەر کەسێك لە تەنگانەو ناخۆشی ئەو ڕۆژە بپارێزیت ئەوە ئیتر تۆ ڕەحمت پێ کردووە.. وە هەر ئەوەشە سەرفرازیی و سەرکەوتنی گەورەو (بێ سنوور).

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ اللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى الْإِيمَانِ فَتَكْفُرُونَ (10)

بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕن (لە قیامەتدا) بانگیان لێ دەکرێت کە ڕق و خەشم و قینی خوا زۆر زیاترە لە ڕق و خەشم و قینتان دژ بە یەکتر، (چونکە) کاتی خۆی بانگ دەکران بۆ ئیمان و باوەڕ کەچی ڕێبازی کوفرتان بەرنەداو لەسەری بەردەوام دەبوون.

قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ (11)

(کافران لە وەڵامدا) دەڵێن: پەروەردگارا (تۆ دەسەڵاتت بێ سنوورە) دووجار ئێمەت مراندووەو دووجار ئێمەت زیندووکردۆتەوە (مەبەست نەبوونی پێش هاتنە دنیایە، کە جۆرە مردنێکە، وە ئەو مردنەش کە دەیزانن، ژیانی دنیاو زیندوبوونەوەی قیامەتیش دووجۆر ژیانە) ئایا چارەسەرێک ، ڕێبارێك نیە، بۆ ڕزگارییمان.

ذَلِكُم بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ (12)

(ئێستاش ئەم بارودۆخەی کە تێی کەوتوون) بەهۆی ئەوەوەیە،
هەرکاتێك بانگەواز بکرایە بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنها، ئێوە

باوەڕتان نەدەهێنا، هەركە هاوەڵی بۆ بڕیار بدرایەو ڕێبازی یەكخواناسین كەناربخرایە، ئێوە باوەڕتان بەوە هەبوو، (ئێستاش) فەرمان هەر فەرمانی خوای بەرزو بڵندو گەورەیە (بۆ جیاكردنەوەی ئیمانداران لە بێ باوەڕان).

هُوَ الَّذِي يُرِيكُمْ آيَاتِهِ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ رِزْقًا وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ (13)

ئەو خوایە (بەردەوام) بەڵگەو نیشانەی (دەسەڵاتداریی) خۆیتان نیشان دەدات، لە ئاسمانەوە ڕزق و ڕۆزیتان پێشكەش دەكات، (وەك: باران، هەوا، جۆرەها تیشك، كە دەبنە سەرچاوەی ڕۆزی) كەسیش یاداوەری وەرناگرێت و بیرناكاتەوە جگە لەوانەی كە (خواناسن)و هەمیشە دڵیان لای ئەو زاتەیە.

فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ (14)

(كەواتە، ئەی ئیمانداران): ئێوە هەر هاناو هاوار بۆ خوا بەرن و ملكەچ و فەرمانبەرداری ئایین و بەرنامەكەی ئەو بن، هەرچەندە كافرو بێ بڕواكان پێی سەغڵەت بن و پێیان ناخۆش بێت.

رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ لِيُنذِرَ يَوْمَ التَّلَاقِ (15)

(ئەو پەروەردگارە) پلەو پایەی زۆر بڵندە، خاوەنی تەختی فەرمانڕەوایی تایبەتی خۆیەتی، (ئەو زاتە) وەحی و نیگا بەفەرمانی خۆی بترسێنێ لە ڕۆژی بەیەكگەیشتنەوە (گەشتنەوەی ڕۆح و لاشە، گەشتنەوەی ئادەمیزاد بەكردەوەكانی..).

يَوْمَ هُم بَارِزُونَ لَا يَخْفَى عَلَى اللَّهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ لِّمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ (16)

ئەو ڕۆژە هەموویان بەدەرەوەن، (ڕووت و ڕەجاڵ، نهێنی و ئاشكرا وەک یەكە)، هیچ شتێكیان شاراوە نیە لەخوا، (ئەوسا پەروەردگاری

مەزن، دەفەرمویٚت): ئەمڕۆ پاشایەتی و فەرمانڕەوایی شایستەی کێیە؟ کێ خاوەنی هەموو ئەم بوونەوەرەیە؟ (کەس نیە وەڵام بداتەوە، خۆی دەفەرمویٚت): هەر هەمووی خوای خەشمگیر (لە یاخی و بێ دینەکان) خاوەنیەتی، یان هەموو فریشتەو ئادەمیزاد و پەرییان و دروسکراوان بەیەک دەنگ ئەو وەڵامە دەدەنەوە.

الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لَا ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (17)

ئەمڕۆ هەموو کاەس پاداشتی کارو کردەوەی خۆی وەردەگرێت، ئەمڕۆ هیچ جۆرە ستەمێک لەکەس ناکرێت، بەڕاستی خوای گەورە بەخێرایی لێپرسینەوەکان ئەنجام دەدات (چونکە هەموو شت ڕوونە لای).

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا شَفِيعٍ يُطَاعُ (18)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بیانترسێنەو ئاگایان بکە لە ڕۆژە نزیکەکە (ڕۆژی قیامەت) کاتێك کە دڵەکان دەگەنە گەروو، غەمگینی و پەژارەو تەنگانە، (ئەو کاتەی)، ستەمکاران هیچ دڵسۆزو پشتیوانێکیان نیە، کەس تکاکارو غەمخۆریان نیە، تا قسەیەکی ڕەواجی هەبێت و تکای لێ وەربگیرێت.

يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ (19)

(ئەو خوایە هەمیشە) چاوە خیانەتکارو ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە.

وَاللَّهُ يَقْضِي بِالْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَقْضُونَ بِشَيْءٍ إِنَّ اللَّهَ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (20)

(بێگومان) خوا دادوەریی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام دەدات، (بەڵام) ئەوانەی (جگە لەو) هاواریان لێ دەکەن، هیچ دەسەڵات و داوەرییەکیان لە دەستنایەت، بەڕاستی هەر خوا خۆی بیسەرو زانایە.

أَوَ لَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا هُمْ أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ (21)

ئايا ئەوە بەسەر زەویدا نەڕۆشتون، تا تەماشا بکەن و سەرنج بدەن و سەرئەنجامی ئەوانەی پێش ئەمان چۆن بوو (چییان بەسەرهات)، ئەوانە لەمان زۆر بەهێزتر بوون و جێ دەست و شوێنەواریان زیاتر لە زەویدا ئاشکرا بوو، ئەوەبوو خوا بەهۆی گوناهەکانیانەوە لەناوی بردن، کەس نەیتوانی (لە سزای) خوا بیانپارێزێت و پەنایان بدات و ڕزگاریان بکات.

ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَكَفَرُوا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ إِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ (22)

(ئەو بارودۆخەیان بۆیە بەسەردا هات)، چونکە کاتی خۆی پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەو نیشانەی ئاشکراوە (ڕاستیەکانیان پێ ڕادەگەیاندن، کەچی بڕوایان نەکردو باوەڕیان نەهێنا)، خوای گەورەش لەناوی بردن و پێچانیەوە، چونکە بەڕاستی ئەو (خوایە) بەهێزەو تۆڵەسەندنەوەی زۆر توندو بەئێشە (لە بێ باوەڕان).

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (23)

بەڕاستی ئێمە موسامان ڕەوانە کرد هاوڕێ لەگەڵ بەڵگەو نیشانەی زۆرو ئاشکرادا.......

إِلَى فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ (24)

بۆ سەر فیرعەون و هامان و قارون، (بەڵام ئەو ستەمکارانە) وتیان: جادووگەرێکی درۆزنە!!

فَلَمَّا جَاءهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا اقْتُلُوا أَبْنَاء الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءهُمْ وَمَا كَيْدُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ (25)

دوایی که هەموو ڕاستیەکی بۆ سەلماندن (بە بەڵگەو معجزەی ئاشکراوە) کە لەلایەن ئێمەوە پێی بەخشرابوو، (فیرعەون و دارودەستەی فەرمانیان داو) وتیان: ڕۆڵەی نێرینەی هەموو ئەوانە بکوژن کە بڕوایان هێناوەو لەگەڵ (موسادان)، ئافرەت و کچەکانیان بهێڵنەوە (بۆ کارەکەری، بەڵام خەیاڵیان خاوە) پیلان و تەڵەکەی بێ باوەڕان هەر سەری لەسەرگەردانیەوە دەردەچێت.

وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ (26)

ئینجا فیرعەون وتی: وازم لێ بێنن با موسا بکوژم، با هەر هاوار لە پەروەردگاری بکات، چونکە من دەترسم کە دین و ئاینتان بگۆڕێت!، یاخود دووبەرەکی و خراپەو شەڕو شۆڕ (لە وڵات و) سەرزەویدا بەرپا بکات!!

وَقَالَ مُوسَى إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ (27)

موسا وتی: من پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خۆم کە پەروەردگاری ئێوەشە لە هەموو لووت و بەرزو قێزاویەک کە باوەڕی بە ڕۆژی لێپرسینەوە نەبێت و (ڕاستییەکان ئاوەژوو بکات).

وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءكُم بِالْبَيِّنَاتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِن يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ (28)

(دیارە سەرئەنجام فیرعەون بڕیاری داوە موسا شەهید بکات بۆیە) وتی: پیاوێکی ئیماندار لە خزمانی فیرعەون کە باوەڕەکەی شاردبۆوە تا ئەو کاتە، وتی: ئایا ڕەوایە پیاوێك بکوژن (تەنها تاوانی ئەوەیە) کە دەڵێت پەروەدگارم (اللە)یە، چەندەها بەڵگەو نیشانەشی لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون و (نیشانی داون)، خۆ ئەگەر درۆزن بێت، ئەوە درۆزنیەکەی بە زەرەری خۆی تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر

ڕاستگۆبێت هەندێك لەو بەڵایانەتان بەسەردێت کە پێی ڕاگەیاندوون (بەڕاستی من دڵنیام کە): خوا هیدایەت و ڕێنموونی کەسێک ناکات کە زیادەڕەوو درۆزن بێت (واتە: ئەگەر موسا درۆزن بوایە، ئەو هەموو پشتیوانیەی لێ نەدەکرا لەلایەن خواوە).

يَا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِن بَأْسِ اللَّهِ إِنْ جَاءنَا قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ (29)

(هەروەها وتی): ئەی قەوم و هۆزم ئەمڕۆ ئێوە دەسەڵاتتان هەیە بەسەر ئەم ناوچەیەداو با ئارەزووی خۆتان فەرمانڕەوایی دەکەن (جا بیر بکەنەوەو تێفکرن) کێ دەتوانێت فریامان بکەوێت، کێ دەتوانێ ڕزگارمان بکات، لە تۆڵەو سزای خوا ئەگەر یەخەی پێ گرتین؟ فیرعەون (قسەکەی پێ بڕێ و) وتی: من هەر ئەو (ڕاو بۆچونە) بەچاک دەزانم و لام پەسەندە کە پێم ڕاگەیاندن ، من تەنها ڕێبازی چاک و دروستم نیشان داون!!

وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ الْأَحْزَابِ (30)

ئەو کەسەی کە باوەڕێ هێنابوو (واتە پیاوە ئیماندارەکە) وتی: من دەترسم (ڕۆژێکتان بەسەر بێت) وەکو ئەو ڕۆژەی بەسەر گرۆو قەومە نالەبارەکانی پێشوودا هات...

مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ (31)

وەکو ئەوەی کەبەسرە قەومی (نوح و عادو ثمود)و ئەوانەی بەدوای ئەواندا هاتن، جا وەنەبێت خوا بیەوێت ستەم لە بەندەکان بکات و حەز بە تیا بردنیان بکات.

وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ (32)

ئەی قەوم و هۆزم من دەترسم لە ڕۆژی هاوارو ئاهو ناڵەو بانگکردنتان (بۆ لێپرسینەوە).

يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ (33)

ئەو ڕۆژەی کە هەموو لەبەری هەڵدێن و هەموو سەرگەردانن (نازانن چی بکەن و ڕووبکەنە کوێ) کەس نیە پەناتان بدات لە خەشم و قینی خوا، جا ئەوەی خوانەناسێت و لە ڕێبازەکەی لابدات و خۆی گومڕا بکات، ئیتر هیچ کەسی تر ناتوانێت هیدایەت و ڕێنموونی بکات.

وَلَقَدْ جَاءكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِّمَّا جَاءكُم بِهِ حَتَّى إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ اللَّهُ مِن بَعْدِهِ رَسُولًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ (34)

بێگومان کاتی خۆی یوسف بەڵگەو نیشانەی زۆری نیشان دان (تا ڕێبازی خوا ناسی بگرنە بەر)، کەچی بەردەوام لەگوماندا بوون، بەرانبەر ئەو بەرنامەو ئاینەی کە بۆی هێنابوون، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد، ئەوسا وتتان: ئیتر (تەواو) هەرگیز خوا دوای ئەم پێغەمبەری تر نانێرێت، هەر بەو شێوەیە خوا کەسانی سەرکەش و گوناهکارو دڵ دانەمەزراوو دڵ ڕاڕا گومڕا دەکات.

الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ وَعِندَ الَّذِينَ آمَنُوا كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ (35)

ئەو کەسانەی کە (مجادلە)و گفتوگۆ دەکەن دەربارەی ئایەت و بەڵگەو نیشانەکانی خوا، بێ ئەوەی هیچ زانست و زانیارییەکیان هەبێت و پێیان بەخشرابێت، (ئەم حاڵەتە) زۆر بێزراوو تاوانە لای خواو لای ئەوانەش کە ئیمانیان هێناوە، هەر بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر هەموو (خاوەن) دڵێکی فیزاوی و ڕق ئەستوورو ستەمکاردا.

وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ (36)

(ئا لەو گەرمەی قسەی ئیمانداردا) فیرعەون بە هامانی وت: (ناکرێت بورجێکی بەرزم بۆ دروست بکەیت بەڵکو هەندێك هۆکارم دەست بکەوێت!!...

أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ (37)

هۆكاری ئاسمانەكان (تا لەویوە سەركەوم و نهێنیەكان شارەزا ببم) تا سەردانێكی خوای موسا بكەم و ببیبنم!! هەرچەندە من دڵنیام كە درۆزنە!!، ئا بەو شێوەیە كارو كردەوە ناشرینەكان لای فیرعەون جوان كراو، لە ڕێبازی (ڕاست و دروست) لادرا، بێگومان پیلان و نەخشەی نادروستی فیرعەون هەر لە زەرەرو خەسارەتمەندیدایە.

وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ (38)

ئەو كەسەی كە ئیمانی هێنابوو (دووبارە هاتەوە گفت و) وتی: ئەی قەوم و هۆزەكەم شوێنی من بكەون (بە قسەی من بكەن) ڕێنموونیتان دەكەم بۆ ڕێبازی سەرفەرازی و چاكە و چاكەكاری.

يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ (39)

ئەی قەوم و هۆزم ژیانی دنیا تەنها بریتییە لە ڕابواردنێكی (كەم) بەڕاستی ژیان پاشەڕۆژو داهاتووشوێنی ئومێدو ئارام گرتن و حەسانەوەیە (بۆ ئیمانداران).

مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ (40)

ئەوەی گوناهو هەڵەیەك بكات، بەقەدەر هەڵەو گوناهەكەی خۆی تۆڵەی لێ دەسەنرێت، ئەوەش كە چاكە دەكات لە پیاوان و ئافرەتان، لە لاوان و لە كچان لە كاتێكدا كە خاوەنی باوەڕی دامەزراون، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بێ سنوورو بێ حساب ڕزق و ڕۆزیی (هەموجۆرو هەمەچەشنیان) پێ دەبەخشرێت.

وَيَا قَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ (41)

ئەی قەوم و هۆزم (ئەوە بۆ بیرناکەنەوە) خۆ من بانگی ئێوە دەکەم بۆ ڕزگاریی، بۆ سەرفەرازیی (بۆ بەهەشت) کەچی ئێوە بانگی من دەکەن، (بۆ خوانەناسیی، بۆ سەرگەردانیی)، بۆ دۆزەخ...

تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِاللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلَى الْعَزِيزِ الْغَفَّارِ (42)

بانگم دەکەن تا باوەڕم بە خوا نەمێنێت و هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار بدەم، بێ هیچ بەڵگەو زانست و زانیاریەک، لە کاتێکدا من بانگتان دەکەم بۆ لای زاتێك کە زۆر باڵادەستەو زۆریش لێخۆشبووە...

لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَا إِلَى اللَّهِ وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ (43)

بێگومان ئەوەی کە ئێوە من بانگ دەکەن بۆلای خاوەنی هیچ بانگەوازو بەرنامەو پرۆگرامێك نیە، نە لەدنیادا، نە لە قیامەتیشدا، (ئەوەش نابێت لەیاد بکەین) کە گەڕانەوەمان بۆلای خای گەورەیە، بێگومان ئەوانەی تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن و سەرکەش و لەسنوور ترازاون، ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن.

فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (44)

لە ئایندەدا (ڕۆژێك دێت)، ئەم قسانەی منتان بێتەوە یاد، (ئێستاکەش من خۆم دەدەمە دەست خواو پشت بەو دەبەستم، بێگومان خوا زۆر بینایە بە بەندەکانی.

فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ (45)

ئەوسا خوای گەورە (ئەو ئیمانداره ژیرەی) پاراست لە پیلانی خراپ و دڕاندانەیان، داروودەستەی فیرعەونی تووشی سزایەکی زۆر سەخت کرد...

النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ (46)

که ئاگری دۆزەخە، بەیانیان و ئێواران، نیشانیان دەدرێت، یاخود پیایاندا دەچزێنرێت، لە (مردنیانەوە تا قیامەت) لە ڕۆژی قیامەتیشدا فەرمان دەدرێت: ئادەی تاقم و دەستەی فیرعەون بخەنە ناو ئێش و ئەشکەنجەو ئازاری زۆر ناخۆشەوە.

وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَاء لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ (47)

ئەوکاتە ئیتر شەڕو کێشەیانە لەناو ئاگری دۆزەخدا، لاوازو چەوساوەکان بە دەسەڵاتدارو لوتبەرزەکان دەڵێن: خۆ ئێمە شوێن کەوتەی ئێوە بووین، ئایا ئێوە ناتوانن تۆزێك سزای ئاگرمان لەسەر کەمبکەنەوە؟

قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ (48)

(لەوەڵامیاندا) لووتبەرزەکان دەڵێن: جا خۆ ئێمەش هەروەک ئێوە لەناو ئاگردا گیرمان خواردووە، چونکە خوای گەورە داوەری کردووە لە نێوان بەندەکانیداو (بڕیارەکانی بڕاوەتەوە).

وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ (49)

ئینجا ئەوانەی کەلە ناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێڕیی دۆزەخ دەڵێن: داوا لە پەروەردگارتان بکەن: تەنها ڕۆژێك سزاو ئازارمان لەسەر کەم بکاتەوە.

قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاء الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ (50)

(ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا) دەڵێن: باشە، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بە بەڵگەو (معجزة)ی ڕوون و ئاشکراوە، ڕەوانە نەکرابوون بۆتان؟ هەمووان بەیەک دەڵێن: (بەڵێ، ڕاستە) ئینجا فریشتەکان دەڵێن: دەی هەر داوا بکەن و بپاڕێنەوە، بێگومان داخوازیی و پاڕانەوەی کافران بەهیچ ناچێت، تازە هیچ نرخێکی نیەو گیرا نابێت.

إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ (51)

بەڕاستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخەین، لە ژیانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتیی دەدەن (فریشتەکان شایەتیی بۆ پێغەمبەران دەدەن، پێغەمبەران شایەتیی بۆ بانگخوازان دەدەن، بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی)...

يَوْمَ لَا يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ (52)

لەو ڕۆژەدا کە ستەمکاران تکاو پاڕانەوەیان بێ سوودەو هیچ بڕوبیانوویەکیان لێ وەرناگیرێت، نەفرینیان لەسەرەو جێگەی ناسازو ناخۆش بۆیان ئامادەیە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَى وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ (53)

بەڕاستی ئێمە هیدایەت و ڕینمونیمان بەخشی بە موساو کتێبی (تەوراتیشمان) هێشتەوە لەناو نەوەی ئیسرائیلدا (تا پەیڕەوی بکەن و پابەندی بن).

هُدًى وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ (54)

وە کردمانە هۆی یادخستنەوەو یاداوەری بۆ خاوەن بیرو هۆشەکان.

فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ (55)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) بە ئارام و خۆڕاگربە، چونکە بەڕاستی بەڵێن و وادەکانی خوا هەر دێتە دی، داوای لێخۆشبونیش بکە

بۆ گوناهەکانت، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریشت بەردەوام ئەنجام بدە، بە تایبەت لەدەمەو ئێواران و دەمەو بەیانیاندا.

إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِن فِي صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَالِغِيهِ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ (56)

بەڕاستی ئەوانەی کە (مجادلة)و گفتوگۆی سەرکەشانە دەکەن و، بە نەشارەزایی لە ئایەتەکانی خوا دەدوێن بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بەهێزیان پێبێت، ئەوانە هەواو فیزی زۆریان لە سینەی خۆیاندا کۆکردۆتەوە، هەرگیز ناگەنە ئەو ئامانجەی کە هەیانەو (بە تەمان نووری خوا بکوژێننەوە)، کەواتە تۆ پەنا بگرە بە خوا (لە شەڕی خوانەناسان) چونکە بەڕاستی ئەو زاتە زۆر بیسەرو بینایە.

لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ (57)

بەڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروسکردنی خەڵکی زۆر گەورەو گرنگترە، بەڵام زۆربەی خەڵکی (ئەم ڕاستییانە) تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن.

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ قَلِيلًا مَّا تَتَذَكَّرُونَ (58)

هەرگیز کەسانی کوێر، چوون یەک نین لە بەرانبەر کەسانی بیناو چاوساغەوە، هەروەها ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن، لەگەڵ ئەوانەدا کە تاوان و گوناه دەکەن، کەچی زۆر کەم خەڵکی تێدەفکرن و بیردەکەنەوەو بەراورد دەکەن.

إِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ (59)

بەڕاستی ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیەو هەر دێت، هیچ گومانیشی تیا نیە، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی ئیمان و باوەڕ ناهێنن و (باوەڕیان پێی نیە).

وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ (60)

(ئەی خەڵکینە) پەروەردگارتان دەفەرمویێت: ئێوە هاناو هاوار بۆ من بێنن دۆعاو نزاتان گیرا دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە دادەنێن و من ناپەرستن، بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتی و کزیی و بچوکییەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ (61)

هەر خوایە کە شەوی بۆ سازاندوون، تا تیایدا ئارام بگرن و بحەوێنەوە، ڕۆژگاریشی بۆ ڕۆشن و ڕووناک کردونەتەوە، بەڕاستی خوای (گەورەو میهرەبان) خاوەنی بەخشندەیی و نازو نیعمەتی زۆرە بەسەر خەڵکییەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی (قەدری نازانن).

ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ (62)

هەر ئەو خوایەش پەروەردگارتانە کە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هیچ خوایەک نیە جگە لەو، ئیتر ئێوە بەرەو کوێ دەچن؟، ڕوو دەکەنە کێ؟ بۆ لە بەرنامەکەی لادەدەن؟ بۆ ئەملاولا دەکەن؟!

كَذَلِكَ يُؤْفَكُ الَّذِينَ كَانُوا بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ (63)

هەر بەو شێوەیە (خەڵکی پێش ئەمان) ئینکاری ئایەتەکانی خوایان دەکردو لە ڕێبازەکەی لایان دەداو دژایەتیان دەکرد (بەڵام کوان؟! بۆکوێ چوون؟! چییان بەسەرهات؟!).

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ (64)

خوا ئەو زاتەیە کە زەوی بۆ کردوون بە شوێنی سرەوتن و ژیان و حەوانەوە، ئاسمانیشی بەسەرتانەوە ڕاگرتووە، ڕوخسارو شێوازتانی

نەخشاندووە، بە جوانترین شێوەش نەخشاندوویەتی، لە ڕزق و ڕۆزیی جوان و چاك و بەسود و بەتام و بۆنخۆش بەهرەوەری كردوون، ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان، بەرزو پیرۆزو بڵندە ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانەكانە.

هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ (65)

ئەو زاتە هەمیشە وبەردەوام هەر زیندووە، جگە لەو خوایەكی تر نیە، هاناو هاوارو نزاتان ڕوو بەو بێت، ملكەچ و فەرمانبەرداری بەرنامەو ئاینەكەی ئەو بن، سوپاس و ستایش بۆ خوا، كە پەروەردگاری هەموو جیهانەكانە.

قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ (66)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: من قەدەغەم لێكراوە ئەو شتانە بپەرستم كە ئێوە لە جیاتی خوا هاناو هاواری بۆ دەبەن، بەتایبەت بەڵگەو نیشانەی زۆر ئاشكرام لەلایەن پەروەردگارمەوە پێگەیشتووە، وە من فەرمانم پێدراوە كە: ملكەچ و فەرمانبەرداری پەروەردگاری جیهانەكان بم.

هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى مِن قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (67)

ئەو خوایە ئێوەی لە خاك دروست كردووە، لەوەودوا لە نوتفە (كە بریتییە لە بەیەكگەیشتنی سەرەمێكوتەیەك كە بەچاو نابینرێت بە هێلكۆكەیەک كە بەقەدەر خاڵێكی بچوكە) لەوەودوا دەبێتە خۆهەڵواسەرێک پاشان تواناتان پێدەبەخشێت و (دەبنە لاوو دەبنە پیاو)، ئینجا دەبنە پیرو ئوفتادە، هەتانە پێش ئەوەی (بگاتە یەكێک لەو قۆناغانە)، دەمرێت، هەشتانە تا دەگاتە كاتێكی دیاریكراو (دەمێنێت)،

(خوای گەورە ئەم هەموو ڕاستییانەتان دەخاتە بەرچاو) بەڵکو عەقل و بیروهۆشتان بخەنە کار.

هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ فَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ (68)

هەر ئەو زاتە، ژیان دەبەخشێت و (زیندەوەران و گیانلەبەران) دەمرێنێت، هەرکاتێک بڕیاری شتێکی دا هەر ئەوەندە بفەرموێت: ببە، دەستبەجێ دەبێت.

أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ (69)

ئایا نابینیت ئەوانەی کە (مجادلة)و گفتوگۆی نابەجێ دەکەن دەربارەی ئایەتەکانی خوا، (ئەو سەرگەردانانە بەرەو کوێ دەچن، ڕوو لەکوێ دەنێن؟!...

الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ (70)

ئەوانەی کە باوەڕیان بە قورئان و (کتێبە ئاسمانیەکان) نیە هەروەها باوەڕیان بەو بەرنامەو ڕێبازەی کە بە پێغەمبەرەکانماندا ڕەوانەمان کردووە نیە، ڕۆژێك دێت کە دەزانن چییان بەسەر دێ و (خۆیان دەبیننەوە)....

إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ (71)

کاتێ کە کۆت دەکرێتە گەردنیان و، بە زنجیریش (دەست و پێیان دەبەسترێت و) ڕادەکێشرێن...

فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ (72)

بۆ ناو ئاوی زۆر گەرم، پاشان ئاگریان پێ خۆش دەکرێ و دەبنە سووتەمەنی بۆی.

ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ (73)

لەوەودوا پێیان دەوترێت: کوان ئەو شتانەی کە بە هاوەڵتان دادەنا (بۆ خوای باڵادەست)؟!..

مِن دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُو مِن قَبْلُ شَيْئًا كَذَٰلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ (74)

لەجیاتی خوا دەتانپەرست، (بە کەساسی و خەجاڵەتیەوە) دەڵێن: لێمان ون بوون، دیار نین!!، بەڵکو ئێمە هەر ناوی کەسی ترمان نەدەبرد (دیارە لە ترسا، یا هەر بیروباوەڕی خۆیان فەرامۆشکردووە)، ئا بەو شێوەیە خوا کافران سەرگەردان و سەرلێشێواو دەکات...

ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ (75)

(ئا بەم بارودۆخەی کە ئێستا تیایدا گیرتان خواردووە سەرئەنجامی) ئەو کەیف و شادی و سووڕو سەمایە یە کە لەسەر زەویدا بەناحەق ئەنجامتانداوەو کەشخەتان دەکرد بەسەر خەڵکیەوەو نازتان دەکرد بەسەریاندا...

ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ (76)

دەی.. لە قاپیەکانی دۆزەخەوە بۆ ژوورەوە، (ئەوەش بزانن) ناشمرن تیایداو ژیانتان بەردەوامە، ئای کە شوێن و جێگەی خۆبەزل زانەکان ناخۆش و ناسازە.

فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ (77)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) ئارامگربەو دڵنیاش بە کە بەڵێنی خوا ڕاست و دروستەو (هەر دێتە دی)، جا یان ئەوەیە کە هەندێ لە هەڕەشەکانمان (دژیان) بەچاوی خۆت دەبینیت، یاخود ئەگەر گیانمان کێشایت و (وەفاتت کرد) ئەوانە بۆکوێ دەچن؟!، بەناچاریی هەر بۆلای ئێمە دەگەڕێنەوە.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ فَإِذَا جَاء أَمْرُ اللَّهِ قُضِيَ بِالْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ (78)

بێگومان ئێمە پێش تۆ پێغەمبەرانی تریشمان ڕەوانەکردووە، هەیانە سەرگوزەشتەو بەسەرهاتیانمان بۆ گێڕاویتەوە، هەشیانە کە سەرگوزەشتەو بەسەرهاتیمان بۆ نەگێڕاویتەوە، هیچ پێغەمبەرێکیش بۆی نەبووە (معجزة)یەك پێش بێنێت بەبێ مۆڵەتی خوای بالادەست، هەرکاتێکیش خوا بڕیارو فەرمانی دابێت حەق و ڕاستی سەرخستووە، ئەو کاتە ئیتر ناحەق و نادروستی خەسارەتمەندو زەرەرمەند بووە.

اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ (79)

هەر خوایە کە وڵاغ و ماڵاتی بۆ ئێوە ڕام هێناوە، تا هەندێکی بۆ سواری بەکاربێنن، هەندێکیشی بۆ خۆراک سوودی لێ وەربگرن.

وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ (80)

هەروەها سوودی زۆری ترتان دەست دەکەوێت، بەهۆی ئەوانەوە دەگەنە ئەو شوێنانەی کە نیازتان لە دڵدایە بیگەنێ و کاروباری خۆتان ئەنجامبدەن، جا بەسواری ئەو وڵاغانەو بەسواری کەشتیش هەڵدەگیرێن و (هاتوچۆ دەکەن).

وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ (81)

ئەو زاتە بەڵگەو نیشانەی دەسەڵاتی خۆیتان نیشان دەدات، جا بە چ بەڵگەو نیشانەو (معجزة)یەکی خوایی ئێوە بڕوا ناکەن و دژی دەوەستن؟!

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ (82)

ئایا ئەوە بە زەویدا نەگەڕاون تا تەماشا بکەن چێمان بەسەر قەوم و خەڵکانی پێش ئەماندا هێناوەو سەرئەنجامیان چۆن بووە، ئەوانە زۆر لەمان زیاتربوون و هێزیان لەمان زیاتر بوو، شوێنەواریان لە زەویدا ئاشکرا بوو، بێگومان کاروکردەوەی نادروستیان هیچ فریایان ناکەوت و ڕزگاری نەکردن..

فَلَمَّا جَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِئُون (83)

جا کاتێک کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگەو نیشانەی تەواوەوە بۆیان ڕەوانەکران، (لە جیاتی ئەوەی باوەڕیان پێ بێنن) خۆیان دڵخۆش کرد بەو ڕادە (کەمەی) کە لە زانست و زانیاری هەیانبوو (سەرئەنجامی هەڕەشەی خوا لەسەر زاری پێغەمبەراندا یەخەی پێ گرتن) وە ئەوەی کە ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد دەستەیەخەیان بوو و فەوتاندنی.

فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ (84)

جا کاتێ تۆڵە سزای ئێمەیان بینی و دڵنیابوون کە ڕزگاریان نابێت و وتیان: ئیتر ئێمە باوەڕمان بە تاک و تەنهایی خوا هێناوەو جگە لەو کەسی تر ناپەرستین، (هەرگیز) باوەڕمان نیە بەو شتانەی کە دامان نابوو بە هاوەڵی خوای پەروەردگار و (پەشیمانین).

فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ (85)

جا (بێگومان) ئیمانی ئاوا سودی نابێت بۆیان، کاتێك کە تۆڵە و خەشم و قینی ئێمە دەبینن و (لەترسا باوەڕ دێنن) چونکە ئەمە بەرنامەی خوایە بۆ بەندەکانی بە درێژایی زەمانە (دەبێت لە تەواوی ئازادیدا، بێ ترس و زۆر باوەڕی پێ بکەن، باوەڕی تەنگانەو کاتی تیاچوون پەسەند نیە، ئەو کاتە ئیتر کافر و بێ بڕواکان خەسارەت مەندیی و زەرەری بێ سنووریان بۆ دەمێنێتەوە.